# ئیگۆن شیللی هونەرمەندێکی سەرکێش و یاخی

**و: سەفەر عەلی**

ئیگۆن شیللی بەیەکێک لە هونەرمەندانی خاڵی وەرچەرخان دادەنرێت لەتەک هونەرمەند ئۆسکار کۆکۆشکا، هەردوو هونەرمەندی شێوەکاری کۆکۆشکاو شیللی سودیان لە هزری مامۆستای هونەرمەند (گۆستاف کلیمن) وەرگرتووە، ئیگۆن شیللی لە نێوان ساڵانی (١٨٩٠-١٩١٨)دا ژیاوە، باوکی بەڕێوەبەری وێستگەی شەمەندەفەر بووە (تۆلن)ی باشووری نەمسا، ئەمڕۆکە ئیگۆن شیللی بەیەکێک لە دیاترین هونەرمەندە شێوەکارییە جیهانییەکان لە قەڵەم دەدرێت و شیللی تەمەنێکی کەم ژیاو لە تەمەنی (٢٨) ساڵیدا بەهۆی نەخۆشی ئەنفلەوەنزای ئەسپانی کۆچی دوایی کردووە، بەر لەمردنی بەیەکێ لە هاوڕێکانی وتووە، کە



**ئیگۆن شیللی**



رۆژێک دادێت هونەرەکەی دەبێتە مایەی ڕێزو شانازی پێکردن، ئەم هونەرمەندە زۆر چەرمەسەری بینی و تووشی گاڵتە پێکردن و رەخنەی توند بووەوە، یەکێ لەوانە پرۆفیسۆرێکی ئەکادیمی (کریبن کرل) بەهونەرمەندی گوتبوو کەوا ئەمە پاشماوەی شەیتانە لەنێو قوتابخانەدا، رەخنەگرانی سەردەمەکەی خۆی هونەرکەیان بەکەم بایەخ و مایەی گاڵتە پێکردن داناوە، خەڵکی شاری (کرۆماو) کە شوێنی لە دایکبوونی دایکی هونەرمەندبوو، لەوێدا دەریان کردو بەهۆی هێلکاری و سکێچە ئیرۆتیکییەکانی و بەخراپەکاریان دادەنا، لە ساڵی ١٩١٢ بۆماوەی (٢٤) کاتژمێر دەخرێتە بەندیخانەوە لەو کاتەدا دادوەری دادگا یەکێک لە سکێچەکانی هونەرمەند گرتێپەردەدات وەک نارەزاییەک بەرامبەر بەهونەرمەند، ئێستاش لەو سەردەمەدا ئەگەر یەکێک لە سکێچە رەنگاورەنگەکانی هونەرمەند لە یەکێک لە هەراجە ئاشکراکانی جیهان نمایش بکرێت ئەوا نرخەکەی دەگاتە (٤) ملیۆن یۆرۆ.

بۆیە ماوەیەکی زۆرە جیهان و نێوەندە هونەرییەکان بەهاو بایەخی کارە هونەریەکانی ئیگۆن شیللیان بۆ دەرکەوتووە.

تابلۆو سکێچەکانی شیللی کە کاری هونەری پڕ لە راستگۆیی و ئەفراندنن لە زۆربەی گەلەری و مۆزەخانە دیارو ناودارەکانی جیهان نمایش کراوەو هەڵواسراوە ئێستا لەو ماوەیەدا لە سەرەتای ساڵی تازەوە تاوەکو ٢٠ مانگی شوباتی - ٢٠٠٦ پیشانگایەکی گەورە بۆ هونەرمەندی دیاری نەمسا ئیگۆن شیللی سازدراوە لەم نمایشە هونەریەدا (١٥٠) کاری هونەری هونەرمەند دانراوە، ئەم کارە هونەریە دانسقانە لەلایەن (سێرگی سابارسکی) کە بازرگان و بایەخی هونەری هەبووەو هەڵگیراوە هەروەها هەندێک لە تابلۆکانی لە کۆگای هونەری (رۆناڵد س. لاودر) بووە، کە ئێستا کۆمپانیایەکی کەلوپەلی ئارایشت و جوانکاری هەیەو ماوەیەکیش باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە شاری ڤیەنا ئەمە جگە لەوەی کەتەلۆکێکی هونەری سەرنج راکێش نمایش دەکرێت، کە کاریگەرییەکانی هونەرمەند بەسەر هونەری مۆدێرنیتەو شارستانیەتی میللەتێک کە نەمسایە دەردەخات، لەم بارەیەوە بەڕێوەبەری مۆزەخانەی ڤیەننا (کلاوس برێخت شرۆیدەر) رایگەیاندووە کەوا ئەگەر هونەرمەند (ئەلبرێخت یۆرەر) هونەرمەندی دێرین و کلاسیکی نەمسا بێت، ئەوا شیللی بەپێشەنگی هونەری سەردەمانەو مۆدێرنیتەی نەمسا دادەنرێت، هەر لەم بارەوە بەڕێوەبەری مۆزەخانەکە پێگەی دیارو ناوداری هونەرمەندی لە ڤیەننا دیارکرد، ئێستا لەنێو مۆزەخانەی (ئەلبرتینا) لە ڤیەننا) لەوەتەی ٢٠٠٥/١٢/٧ ساڵی رابردووەوە پیشانگایەکی هونەری بۆ هونەرمەند کردۆتەوە کە تیایدا (٢٢٠) لە سکێچ و هێلکارییەکانی هونەرمەند نمایش کراون لەوانە تابلۆ رەنگ ئاویەکان، ئەم کارانەش بەقۆناغ لەلایەن هونەرمەندەوە ئافراندنی تێدا کراوە.

لەم تابلۆیانەیدا شیللی هونەرمەند جیهانێکی دیکەی مرۆڤەکان نیشان دەدات و ئەوە بەرجەستە دەکات کە جەستەیان زیاتر زاڵەو بەتێڕوانینێکی بونگەراییانەوە خراوەتەڕوو مرۆڤەکان لەم تابلۆیانە لە کۆت و بەندە مۆڕالیەکان رزگاریان بووەو تەنیاو پەراوێزو دابڕاون، ئیگۆن شیللی تەنها ماوەی ٢٨ ساڵ ژیاوە بەڵام ساڵانی کورتی تەمەنی پڕ بوون لە بزاوت و ئافراندن و چالاکی، سەدان سکێچ و تابلۆو کاری هونەری جێهێشت کە پاشان بووە قوتابخانەیەک لە مێژووی هونەری نەمسادا، پیشانگاکانی شیللی کەرنەڤاڵێکی هونەری گەورەیە بۆ دۆستان و هونەرمەندانی شێوەکاری و ئیستاتیکای رەنگە لە مۆزەخانەکانی نیویۆرک و ڤیەننادا.

**سەرچاوە:**

ئینتەرنێت سایتی ئیلاف